ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# مامۆستا عومەری سەلەفی لە نوێنەرایەتی خوداوە بۆ نوێنەرایەتی [...]

شاکار عەبدوڵڵا

## قوتابییەکی پێشووی مامۆستا عومەری سەلەفی



عومەر سەلەفی

لە یادمە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو باس لە فەتوا خەلیجییەکانی مامۆستای موجاهید مامۆستا عومەری سەلەفی ئەهلی سوننەو جەماعە دەکرا. بەمانە قایل نەبووم‌و دەمگوت خودایە فەتوا چییە؟ ڕۆژێک یەکێک لە قوتابییەکانی ناوبراوم دیت، گوتم ئەدی فەتوا چییە دەڵێن مامۆستای سەلەفی لای دەست دەکەوێت؟ گۆشت ئاسا بە شیشەوە دەکرێت، یاخود لەگەڵ ناندا پێخۆرەو هەژارەکان لەم سالآنەی قاتو قڕی‌و ئابڵوقەیەدا دەبێتە خۆراکی سەر سفرەکانیان یا ئاوەدانییەو کەلاوە وێرانەکانی کوردستان بونیاد دەنێتەوە؟ ئەو برایە لە وەڵامدا ووتی "ئەوە دەڵێی گاڵتەو لاقرتی بە دینی خوا دەکەیت، خودا شاهیدە پەشیمان نەبییەوە بە شمشێرە بڕندەکەی مامۆستای موجاهیدی سەلەفی ملت لە لاشەت دەکەمەوە!" منیش بە لەسەر خۆییەک ووتم: ئەتۆ ئیمانداری‌و قوتابی قوتابخانەکەی مامۆستا عومەریت لە مامەیارە کە ناسراوە بە مەدرەسەی (ئیمان) بۆچ دەمکوژی؟ ڕوونکردنەوەم بدەیە، سا بەڵکو بەندەش ببێتە شاگردو قوتابییەکی گوێرایەڵی ئەو پیاوەی تۆ باسی لێوە دەکەیت! گوتی باشە من کاسێتەکانیت لەبۆ دەهێنم دەتوانیت گوێیان لێ بگری‌و حەققانییەتی ئەو خواناسەت بۆ دەربکەوێت؟ گوتم: بەڵێ براکەم، ئەوەبوو کاسێتەکانی بۆ هێنام‌و ناوی خودام لێ هێنا بە چەند ڕۆژێک گوێم لە گوتارە ئاگرینەکانی سەلەفی گرت، کاتێ لێبوومەوە لە گوێگرتن لەو گوتارانە، جارێکی تر شایەتمانێکی بە حەقم هێنایەوە لەناو ئیسلامداو گوتم باشە ئەو هەموو تاوانە گەورەیە دەبێ چ بێ من تێیدا دەژیم؟ من تاوەکو ئێستا لە مەکتەبدا لەگەڵ هاوڕێ قوتابییەکانم مامەڵەو هەڵسوکەوت دەکەم مامۆستا دەڵێ براکەم جائیز نییەو ناشەرعییە ئەگەر هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانێکدا بکەیت کە ئاگات لە عەقیدەو ئیمانەکەیان نەبێت، ئایا لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەن‌و جیهاد لەپێناوی خوادا دەکەن؟ ئایا کوفر بە تاغوت‌و عەلمانییەت دەکەن؟

وردەوردە دورکەوتمەوە لێیان‌و بڕیارمدا ئەوەی لە کاسێتەکانی مامۆستای سەلەفیدا نەبێت خۆم بەدوور بگرم لێی، ئەگەر براکەی خۆشم بێت، فیعلەن وامکردو هەر ئەو کاتەی گوێم لە مامۆستا بوو براکانم لە ماڵەوە لە ئایینی ئیسلام دەرکرد، گوتم ئێوە لاتاناوە لە عەقیدەی ئەهلی سوننەو بەپێی فەتوای شێخەکانی سعودیەو مەدینە کە مامۆستا عومەر دەفەرموێت هیچ پەیوەندیتان بە ئایینی ئیسلامەوە نەماوەو بێدین بوون، پاشان یەخەم بە دایکو باوکم گرتو گوتم هەروەکو مامۆستا عومەر دەفەرموێت ئێوە موشریکن‌و هاوەڵتان بۆ خودا پەیدا کردووە، گوتیان بۆچی ڕۆڵەگیان! گوتم: لەبەر ئەوەی دایکو باوکتان مردووە سێ ڕۆژ پرسەتان بۆ گێڕاوە ئەمە لە ئیسلامدا نییە، ئێوە دەچن بۆ پرسەگێڕیی خەڵکی‌و سەردانی گۆڕی کەسوکارتان دەکەن‌و فاتیحە بۆ مردووەکان دەنێرن، ئەدی ئەمە پێچەوانەی عەقیدەی سەلەفی ساڵحی ئەم ئوممەتەیە، بڕۆن ئەوە حاشام لە باوکایەتی‌و دایکایەتی ئێوەش کرد، چونکە بەپێی شەرعی خوا بێت منێکی موسوڵمان‌و ئیماندار ناتوانم لەگەڵ ئێوەی هاوەڵپەیداکەر بۆ خوادا ژیان بەسەر بەرم، دواجار ژوورێکی مزگەوتم هەڵبژاردو بەشەو لەوێ دەمامەوەو پشووم دەدا، بەڕۆژیش سەردانی برایانم دەکردو هەر جارەو لە ماڵی برایەک نانم دەخواردو پارووی حەڵاڵم نۆش دەکرد، ئینجا گشت ئەو حاجی‌و پیاوە ڕیش سپی‌و مامە سۆفی‌و دەروێشانەی کەکەسوکارم بوون‌و دراوسێمان بوون‌و دۆستایەتیم هەبوو لەگەڵیاندا یەخەی یەک بە یەکیانم گرت، گوتم پێویستە ئێوە جارێکی تر خۆتان بۆ خوا یەکلا بکەنەوەو تا ئێستا لە سەرپێچی خوادا دەژین، گوتیان ئەرێ ڕۆڵەگیان تۆ توشی نەخۆشی دەروونی نەبوویت؟ ئەرێ کاکە گیان تۆ ئەو گەنجە ڕووخۆشە بۆ وات لێهاتووە لەملاولاوە دەڕۆین تەنانەت ئێمە سەلامیشت لێ دەکەین وەڵاممان نادەیتەوە؟ منیش گوتم گوێ بگرن گەر دەتانەوێ شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی دینەکەی خوا بن ئەوا ئەم شتانە جێبەجێ بکەن، لەوانە خانەقاو تەکییەکان بڕمێنن، چونکە هاوبەشی تیایا بۆ خوا پەیدا دەکرێت، ئەوەتا مامۆستا عومەر دەفەرموێت ئەوانە (خانەقا) نین، بەڵکو (خانەگا)ن، ئەوانە گۆڕیان تیا دروستکراوەو دەپەرسترێن، پێویستە هەروەکو مامۆستا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب دەفەرموێت یەک بە یەک کێلی قەبرەکان بڕوخێنرێ تاوەکو کەس لێیان نەپاڕێتەوە، هەر وەکو کاتی خۆی ئەنجامیدا تەنانەت لە هەندێ شوێنی کوردستان قوتابییەکانی چنگیانی ئەم حوکمە شەرعییەیان جێبەجێ کردووە، کەوابوو مامە سۆفی، کاکە حاجی، لالۆ دەروێش گەر ئەمانە جێبەجێ دەکەن باشە! گەرنا ئەوە لەمڕۆ بەدواوە ئێوە لە فەرهەنگی فەتواکانی ئێمەداو لە بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە لاتان داوە، دوای ئەمانەش هەروەکو لە

ZAGROS WEBSITE

کاسێتەکانەوە وەرمگرت، لەبەرئەوەی مامۆستا عومەر فەرمووبووی وێتەگرتنو مۆسیقالێدانو زەماوەندو شاییو خۆشیگێڕان قەدەغە بوو، دەچووم بۆ هەرماڵێک سەرەتا وێنەی دیوارەکانم دەدڕاندو پاشان داوای ئەلبومو وێنەکانم دەکرد، کاتێ بۆیان دەهێنام یاخود دەمسوتاندن یان دەمدڕاندن، ئابەم شێوەیە هەڵدەستام بە جێبەجێکردنی حوکمی فەتواکانی مامۆستا عومەر، چونکە دەیگوت ئەوەی لە مینبەری مزگەوتی ئیمانەوە بەیان دەکرێت ئەوە تاکە پەیامی حەقو تەواوی خودای تەعالایە، ئەمە یەکەمینو دواهەمین بڵندگۆیە کە پەیامەکەی دەوڵەتی مەدینەی لێوە ڕادەگەیەنرێت، مینبەری حەق، ڕاستگۆیی، سەلەفی ساڵح، دژی کوفرو ئیلحادو عەلمانییەت، مینبەری جێبەجێکردنی سوننەتەکانو دژی بیدعەو خورافات، مینبەری نەهێشتنی تەڵقینی مردوو تەعزییەو ڕوخانی خانەقاو مەرقەدەکانو... هتد.

دواجار بووم بەو لاوە خواناسە ڕەببانییەی کە بەهۆی مامۆستا عومەری سەلەفییەوە بەهیچ کلۆجێک لە ڕاستە شەقامی دینەکەی خوا لام نەئەدا، هەرچی لە نووسراوو نامیلکەکانی سعودیەو مەدینەوە سەرچاوەی نەگرتایە ڕەفزم دەکرد، چونکە مامۆستا عومەر زۆر دڵسۆزانە هەموو نامیلکەو کتێبەکانی بۆ دەهێناین یاخود بە کاسێت دەیکردە دیاری بۆ ئێمەو ئێمەش بە گەرمنماندا دەکێشا بۆیان،بە دەیانو سەدان نوسخەمان لێ چاپ دەکردنەوەو بە گەنجەکانمان دەدا تاوەکو یەکتاپەرست بن، ئابەم شێوەیە ئەو برایە بووە هۆکارێک بۆ ناساندنی مامۆستا مەلا عومەری سەلەفی بە ئێمەو دیسان بووە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی سەدان گەنجی وەکو من ئیلهام لە فیکرو دیدو بۆچوونەکانی مامۆستا وەبگرین.

زەمەن هاتوو ڕۆیشت دنیا لە گۆڕاندا بوو، سیاسەتە بێ دایکو باوکەکە هەر ڕۆژەو بە بارێکدا دەکەوت، هاوکێشەکان هەرجارەو بە شێوازێک شیکار دەکران، گۆڕانکاریو ڕووداوەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کودەتای نوێیان لە ژیاندا دروست دەکرد، سەرئەم وا گۆڕا ئێمەی قوتابیانی سەلەفی کە بەهۆی وتارە حەماسیو زمانە پاراوەکەیو دەنگە دلێرەکەیەوە بووینە دەروێشێکی عەیارە بیستو چواری سەلەفیو ڕۆژبەڕۆژ لەنێو کۆمەڵگادا بەچاوێکی جیاواز سەیرمان دەکرا، دەبینین خەڵک هەیە زۆر لە ئێمە ئیماندارترەو خواناسترە بەشێوازی ئێمە نەکەوتوونەتە ژێر توانجو فشاری ئەمو ئەو، ئێمە لەسەر بەڵێنەکانی خۆمان سوور بووینو تەنها تەوجیهەکانی مامۆستای چنگیانی! کۆمەڵگای پێ دابەش کربووینە سەر دوو بەش، جاهیلیو ئیسلامی، ئەوانەی لە سەرەتادا ئاماژەم پێدان بوونە هەوێنی مەترسی بۆ ڕۆژانی دواترو کاتێ لە دەرەوەی خۆمان دەڕوانین ئێمە لە دۆڵێکو دەوروبەرمان لە دۆڵێکی ترن،کەس لە دەورمان نەماوە، تێکەڵی کۆمەڵایەتی، سەلام کردن، سەردان، مامەڵەو کڕینو فرۆشتن، هاوڕێیەتی، ڕەحمی باوکو دایک، دڵسۆزی بۆ براو خوشک، هەموو ئەمانە لە ژیانی ئێمە داڕنراون، لەولاشەوە تیرۆرو ئیرهابو پیاوکوشتن، توندوتیژی، کەللەڕەقی، دوژمن بە ئەزمونو خاکو نیشتمان، دژی قەزیەی سیاسیی نەتەوایەتی، هەموو ئەمانەش دیسان لەسەر سەرمان ڕاوەستاونو مامۆستاو موفتیو شێخەکەمان قوڕوقەپو بێدەنگی لێکردووە، ئەم وڵاتو ئەو وڵات دەگەڕێت، کاتێ دەبینین گەڕاوەتەوەو وەکو جاران نایەتەوە بۆ دەقەرەکەی خۆمان، هێواش هێواشو ناوەناوە ناوی لە ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوێتو باس لە تەوبەی نەسوحو پەنجەگەستنی خۆی دەکات، جارجارە شتێک ئەنووسێو خۆی بەقوربانی کێلە ڕووخاوەکانی چەند ساڵی بەر لە خۆی دەکاتو لەئاست گۆڕەکانیشدا سەری ڕێزو نەوازش دادەنەوێنێ، کەم کەمەش حاشا لە (خانەقا)ی (خانەگا)کان دەکاو دەڵێ بە مامۆستا ئایینییەکانیش بمبورن لەو بیدعەو خورافانەی کە منی گەردن درێژ بەرامبەر ئێوەو خەڵکەکانی ئێوە دەمنواند، ئا بەم شێوەیە بەردەوام بوو تاوەکو کار گەیشتە دەرکەوتنی سەلەفی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو بوونی بە کابیرێکی ئیعلامی وردەوردە ڕۆژانە کەوتە پاکانەو خۆپاککردنەوە لە فەتواو تەوجیهاتەکانی، ئەو تەوجیهاتانەی کە ڕاستەوخۆ بەناوی خواوەو بە نوێنەرایەتی خودی پەروەردگار دەهاتە گۆ.

مامۆستا لە بەرنامە تایبەتییەکانی تیڤی زاگرۆسدا هەفتانەو ڕۆژانە لە خیتابو بەرنامەبۆداڕێژراوەکانیدا بەردەوام ڕێگاکان دەباتەوە (بانە)و باس لەمسەرو ئەوسەری هەر تێزو بابەتێک بکات دیسان دەیباتەوە بۆ ئیسلامییەکانو فەتواو خۆدەربازکردن لەو قەیرانەی کە ڕابردووی بۆ ئێستای دروستی کردووە، نازانێت بە چ شێوازێک خۆی لە دوێنێ داڕنێ، تا ئەمڕۆ شاباشو پلەیەکی گونجاو کە بەڵێ خۆی بێت لە نێو پلەکانی حزبدا وەرگرێت.

هەر بۆیە نووسینی ئەم بابەتەم لەم کاتەدا بەشیاو زانی، چونکە مامۆستا عومەری مزگەوتی ئیمان هەموو تواناکانی لە ڕاگەیاندنەوە چڕ کردۆتەوە کە داخۆ چۆن بێت بەو کەسەی کە ئەمڕۆ لە نێو سیاسەتی نوێی حزبدا قبوڵە لەپێناو ئامانجەکانیدا، ئەبینی ئەم مەرامانە وای لێکردووە بە ڕاستو چەپدا بکەوێتە وێزەی کەسایەتییە ئیسلامییە دیارەکانی کوردستانو بە دروشمی (كلمة الحق يراد بها باطل) بەرگێکی تازەگەریو پەشیمانی بە بەری خۆیدا بکات، هەر بۆیە من وەکو یەکێک لەو کەسانەی کە سەرسام بووم بە لێهاتوویی و لیاقەتو فەتواکانی مەلا عومەری سەلەفی لە نەوەدەکاندا تەنانەت چەند ساڵێک پاش دوو هەزاریش، ئا لێرەوە داوا لە خوا دەکەم لەو هەڵانەم ببورێ کە بەهۆی مامۆستا عومەرەوە چەندین ساڵە دووچاری بوومو دیسان جارێکی دی گەر خودا قەبوڵی بکات دوعای خێریش بۆ مامۆستا عومەر دەکەم کە لە نوێنەرایەتی خوداوە دابەزیوە بۆ نوێنەرایەتی بنەماڵەو بابەتەکانی ڕۆژانەش بۆ خۆی شەفاعەتکاری ڕابردوویەتیو بۆی جێ دەهێڵم...!!!

ZAGROS WEBSITE